
www.kurdistannet.org
30-5-2003 2:52

# لەسەر ئیمزایەك، خوێندكارێكی كورد لە زانكۆ دەردەكرێت

كاوە ئەمین



كۆلۆنیالیزم تەنها بە تالانكردنی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی ولاتێكی داگیراكراو ڕاناوەستێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو داگیركەرە ولاتێكی تالانكارا و مشەخۆری وەكو توركیا بێت، بەڵكو پێش هەموو شتێك كەسایەتی ئەو گەلە بندەستە وردووخاش دەكات وكەرامەتی نەتەوەیی و مرۆڤایەن دەخاتە ژێر پێ. بە دڵنیایەوە دەوڵەتی تورك نمونەی ئەو كۆلۆنیالیستانەن كە لە مێژوودا، وێنەی كەم بووە. توركیا لە گۆڕینی ناوی جادە و شاخ و كۆڵان و دەعبا و گوڵ و گژوگیاوە بیگرە تا ناوی مرڤەكانی كوردیشی گۆڕیوە و، بێ ئەندازە سوكایەتی بە كورد كردووە، تەنانەت سەربازانی تورك لەشەڕی داسەپاویان، پیسایی مرۆڤیان دەرخواردی گوندیە كوردەكان داوە. دەیان ناوی كوردی قەدەغەكراون و گەلێک منداڵی كورد بێ ناون، چونكە توركیا ڕێگا نادات هەندێک ناو لەلایەن دایک وباوكانی كوردەوە بۆ منداڵەكانیان هەڵبژێردرێن و دایک و باوكانیش وەكو نارِەزایەتی، منداڵەكانیان بێ ناو هێشتۆتەوە. هەندێک لەو ناوانە وەكو (عەگید، باران، زیلان، ڕەوشەن و. . . هتد) كە ناوی شەهید یاخود كۆدی گریلاكانی (پكک و كادەک) بە تەواوەتی قەدەغەن لە توركیا و باكووری كوردستان. ئەمەش پێ شێل كردنی سادەترین مافی مرۆڤە، كە ڕەنگە لەهیچ ولات و سەردەمێكدا ڕویان نەدابێت.

ئەوەی كە لەهەمووی زیاتر جێگای سەرنج و تێروانینە ئەو هەواڵەیە كە لە سایتی كەركووک كوردستانە بڵاوكراوەتوە، ئەویش ئەوەیە كە خوێندكاری كورد (ئەنیس ئالكان) ، خوێندكاری بەشی كشتوكاڵ (ساڵی چوارەم) لە زانكۆی ئەرزرۆم لە باكووری كوردستان، لەسەر ئیمزاكەی لە زانكۆ دەركراوە، بە تاوانی ئەوەی كە ئیمزاكەی نیشانەیە یاخود پروپاگەندەیە بۆ (كوردایەتی) یاخود وەكو ئەوان دەڵێن كوردچێتی. ئەمە دوای ئەوەی كە خوێندكارێک شكات لە (ئەنیس ئالكان) دەكات، لەسەر شێوەی ئیمزاكەی.

بەسەدان كورد لە لایەن توركیاوە، ئازار و ئەشكەنجە و بگرە تیرۆر كراون تەنها لەبەرئەوەی ڕەنگە كوردیەكانی (كەسک و سوور و زەردیان) بەكارهێناوە، هەزاران لەسەر ناوەكانیان كە كوردین زیندانی یانیش لە شوێنی خۆیان ڕاگوێزراون، ئێستا وا ئیمزاشی هاتە سەر، لەگەڵ ئەم هەموو دڕندەیەتیەی توركیا، ئەوروپا و ئەمریكا چاوی خۆیان گرتووە و ساڵانە بە ملیۆنان دۆلار دەكەن بە قورگی توركدا، ئەوانیش بۆ چەوساندەوەی كورد بە كاری دەهێنن.

سەرەرای ئەم هەموو سوكایەتیە، هێشتا توركیا دەیەوێت كورد" پەشێمان" ببنەوە و تەسلیم بن، ئەویش لەچی لە كورد بوون، تۆ بڵێی هەتا كەی تورك بەم عەقڵیەتیەی ئێستایانەوە، بۆیان بچێتە سەر، دەبێت چی تر مابێت بیكەن تا دنیای كەڕ و لاڵ، لەخەوی شەرمەزاری و نامرۆڤانەیان بەخەبەر بێنەوە؟

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت